# چیای برۆکباك

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com

بە بەشداری کردن لە خستنە ڕووی کێشەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، سینەما گرنگییەکی زۆر بە خۆی دەدات .ئەو فلیمانەی کە بە زیندوویش لە زیهنی ئینساندا دەمێننەوە ئەو فلیمانەن کە لەگەڵ بینەردا لە هەوڵی ئەوەدان حەقیقەتێك ساغ بکەنەوە یان دیاردەیەك تا ئەو جێیە سادە بکەنەوە کە بینەر چیتر لە بەرامبەر پرسیارێکی گەورەو بێ وەڵامدا خۆی نەبینێتەوە.ئاسان نییە سینەماکار خۆی لە قەرەی بابەتێکی هەستیار بدات ،بابەتێك کە کۆمەڵگا تا ئێستا نەیتوانیبێت وەڵام بە هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەو بابەتە لە هەناویدا هەڵیگرتووە .ڕەنگە هەندێك جار سینەما کار بابەتێك هەڵبژێرێت و بە جۆرێك ڕاڤەی بکات کە کۆمەڵگا بکات بە دوو بەشەوە ،بەشێك ئەو ڕاڤە کردنە قەبوڵ بکەن و بەشێکی تریش دژی بوەستنەوە .چیای برۆکباك کە لە دەرهێنانی (ئانگ لی )یە بە کۆمەڵێك دەلیل یەکێکە لە فلیمە هەرە باشەکانی ساڵی 2005 و بگرە مێژووی سینەماش.ئەم فلیمە تەنها گرنگی خۆی لەوێوە وەرناگرێت کە گرفتی (گەی)ەکانی(1) کردووە بە بابەتی خۆی،ئەو گرفتەی کە هەر ئێستا مقۆ مقۆیەکی زۆری لەسەرە چ لە ئەمریکا و چ لە وڵاتانی تر ،بە جۆرێك لە ئەمریکا لە چەند ویلایەتێکدا جووت بوونی ئەو گەیانە یاسایی کراوەتەوەو لە هەندێك ویلایەتیشدا جارێ یاسا نەچووەتە ژێر باری ئەوەی بە ڕەسمی ئەو جووت بوونە بناسێت،بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا بە شێوازی دەربڕینەکەی خۆی وەکو شاکارێك دەخاتە ڕوو.زیرەکی سیناریست و دەرهێنەری فلیمەکە لەوەدایە خۆیان هیچ لەسەر بابەتەکە نالێن،ئەوان نەهاتوون لەم پرسەدا لایەنگری لایەك بکەن و پشت لە لایەکی تر ،ئەگەر چی بەوەدا کە بینەر لە پاش بینینی فلیمەکەوە دووچاری جۆرێك لە مەسئولیەت لەمەڕ ئەو گەیانە دەبێتەوە و سۆزی بەو بارەدا دەجوڵێت ، دەردەکەوێت کە ئەوان لایەنگری گەیەکانن و پشتیوانی لە کێشەکەیان دەکەن.

گرفتێکی گەورەی من ئەوەیە ، هەر کاتێك لەسەر فلیمێك دەنووسم ،دەبێت خەمی ئەوەش بخۆم کە زۆرێك لە خوێنەرانی بابەتەکەم فلیمەکەیان نەبینیووە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە نەك هەر بۆ من بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ئەم گرفتە گوزارش لەو ئاستە دەکات کە سینەمای ئێمەی پێ گەیشتووە.بە هەر حاڵ بۆ ئەوەی تۆزێك یارمەتی خوێنەری ئەم بابەتە بدەم ، بە کورتی لەسەر سیناریۆی چیای برۆکباك دەدوێم.

جاك و ئینس بۆ کاری شوانی ڕوو لە خاوەن مەڕو ماڵاتێك دەکەن ،ئەویش هەردووکیان بە شوان وەردەگرێت و دەیان نێرێت بۆ چیای برۆکباك ،لە پاش ئەوەی ماوەیەك لەسەر ئەو چیایە بە یەکەوە دەبن، عیلاقەیەك لە نێوانیاندا درووست دەبێت،بێ گومان عیلاقەی خۆشەویستی.ئەم عیلاقەیە بە عیلاقەی سەکسی توندو تۆڵ تر دەکەن. پاش تەواو بوونی کارەکەیان لە یەك جیا دەبنەوە و وەك نەریتێکی باو پاش ماوەیەك هەردووکیان ژن دەهێنن و خێزان پێکەوە دەنێن، بەڵام ئەوان کە (گەی)ین کە ئەمە وا دەکات زیاتر کەسێك لە جنسی خۆیان سەرنجیان ڕابکێشێت و وەڵام بە پێداویستییە ڕوحیەکانیان بداتەوە ،ناتوانن سەرکەوتو

بن لە ژیانی خێزانیدا.چوار ساڵ پاش لە یەك جیا بوونەوەیان یەكتر دەدۆزنەوە ،شێتانە عاشق بە یەك دەبنەوە و ناوە ناوە بە بیانووی ماسی گرتن چەند ڕۆژێك بە یەكەوە دەبەنە سەر .ئەوان هەرچەند پێیان خۆشە بۆ هەتا هەتایە بە یەكەوە بن ، بەڵام ناشیرینی ئەم دیاردەیە لە كۆمەڵگادا وە دژایەتی كردنی، هیچ بوارێك بۆ جێ بە جێ كردنی ئەم حەزە ناهێڵنەوە .بیرمان نەچێت  كە ئەم فلیمە باسی دەیەی شەستەكان دەكات .دووبارە ماوەیەكی تر جیا دەبنەوە تا هەواڵی مردنی جاك بە ئینس دەگات .جاك پێش مردنی داوا دەكات كە لە چیای برۆكباك بینێژن ئەو چیایەی كە بۆ یەكەم جار ئینسی تیا ناسی .ئینسیش لە پاش سەردانی كردنی دایك و باوكی جاك كراسێكی جاك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە .ئینس كە ئەو كاتە لە خێزانەكەی جیا بۆتەوە، لە كابینەیەكدا بە تەنها ژیان بەسەر دەبا .

ئەوەی نەگەتیڤانە دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان گەیەكان بە بینینی ئەو فلیمە هەست دەكات چ تاوانێك بە هەقی ئەو ئینسانانەدا دەكات كە تەنها تاوانیان ئەوەیە كە ناتوانن لەگەڵ كەسێكی جیاواز لە جنسەكەی خۆیان ژیان بەسەر بەرن.چیای برۆكباك تەنها ئازایەتی سیناریست و دەرهێنەری فلیمەكە نیشان نادەن ، بەڵكو ئینسانیەتی ئەوان وە ڕەوایی كێشەی گەیەكان، تكایە ئەو فلیمە ببینە.

(1) : گەی بەو كوڕانە (پیاوانە) دەوترێت كە تەنها لەگەڵ كوڕان دەتوانن پەیوەندی ببەستن.

9-4-2006